دیموکراسی و هەڵوێستەیەک!!

ئەگەر پێش (١٠ – ١٥) ساڵ لەمەوبەر لەم وڵاتەی ئێمەدا بە هەرکەسێکت گوتبا کە خواردنی گۆشت و چەوری زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت؛ زۆر بەتوندی بەرپەرچی دەدایتەوە و لەوانەیە تووشی کێشەی گەوەرش بهاتبای! بەڵام ئێستا کەس نکوڵی لەوە ناکات، لە کاتێکدا ئەو زانیارییە نوێ نییە و ئەگەر لای ئێمە نامۆ بووبێت؛ ئەوا لە زووەوە خەڵکی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەو حەقیقەتە دەزانن.

ئەمڕۆش خەڵکی وڵاتی مە وەکو سیستەمێکی نموونەیی تەماشای دیموکراسی دەکەن، پێیان قبوڵ ناکرێت ڕەخنە و گازندەی لێبگیررێت، لە کاتێکدا ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دیموکراسی کراوە کۆنن و لەمێژە فەیلەسووف و بیرمەندەکان ڕەخنە و توانجی خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە گونجاوی ئەم سیستەمە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.

هەر لە زەمانی سوقرات و ئەفلاتوونەوە تا زەمانی مارکس، سیستەمی دیموکراسی بە حوکمی (گێرەشێوێنی) ناوزەدکراوە، ئەم وتەیەش شتێکی مەنتیقییە، چونکە زۆرینەی گەل لە هەموو وڵاتانی جیهاندا؛ کەمینەکەی ڕۆشنبیر و زیرەک و دانا پێکی دەهێنن و لە کاتی هەڵبژاردن و پڕۆسەی دیموکراسیدا بە هۆی پڕوپاگەندە و بەرتیل و بەخشیش و خەڵات و وادە و پەیمانی چەورەوە؛ دەکرێت بەئاسانی لە خشتە ببرێن، هەر بەو سیستەمەش ئەڵمان هیتلەریان هەڵبژارد و ئەمریکییەکانیش ئال بۆشیان هەڵبژارد و فەزڵی ڕۆناڵد ڕیگنیان دا بەسەر کارتەردا.

(ئەفلاتوون و ئەرستۆ و یوربیدس و ئیسوکراتیس) لایان وایە کە لە سیستەمی دیموکراسیدا؛ خەڵکی بەپێی هەوا و ئارەزووی خۆیان دەژین و جڵەو بۆ ئازادی بێسنووری خۆیان شل دەکەن، با پێچەوانەش بێت بە بەها کۆمەڵایەتی و ئاکارە بەرز و چەسپاوەکان!

"بنیامین کونسان" دەڵێت: (ئەم ڕێبازە دەمان بات بەرەو ڕێگەیەکی ترسناک، کە ئەویش خۆسەپاندنی چەوسێنەرانەی پەرلەمانە)!

"بارسم"یش دەڵێت: (بنەمای دیموکراسی وا دەکات، بانگەشەی ئەوە بکات کە دەسەڵات هەمیشە لەسەر حەقە، چونکە لە ویستی گەلەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، بەو مانایەی کە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری میللەتن و هەرکارێکیش میللەت ڕای لەسەربێت؛ هەماهەنگە لەگەڵ حەق و دادگەریدا و قابیل بە گفتوگۆ لەسەرکردن نییە، ئەم بنەمایەش سیفەتی "عیسمەت" دەدات بە گەل و نوێنەرانی و گەل بەرەو دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن دەبات، چونکە ئەوەی ئەوان دەی ڵێن ویستی گەلە و لە ڕووی یاساییشەوە دەتوانن هەموو کارێک ئەنجام بدەن).

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە بۆ دواوە و تەماشای مێژووی سەر هەڵدانی دیموکراسی بکەین، دەبینین کە یەکەم جار لە مێژوودا ئیغریقییەکان لە دوو شاری "ئەسینا" و "ئیسپارتە"دا پیادەیان کردووە، کە لە هەردوو شارەکەدا حکومەتێک بە ناوی "حکومەتی شار" هەبووە، کە تیایدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە پیاوان بەشدارییان دەکرد لە حوکمڕانی شاردا، خەڵکی شار لە شێوەی کۆمەڵەیەکی گشتیدا ڕاگۆڕینەوەیان دەکرد سەبارەت بە کاروباری حوکم و سەرۆکیان هەڵدەبژارد و یاسایان دەردەکرد، سەرپەرشتی جێ

بەجێکردنیان دەکرد و سزایان بۆ سەرپێچی دیاری دەکرد، دەتوانین بڵێین: جۆری یەکەمی دیموکراسی کە بە دیموکراسی ڕاستەوخۆ ناو دەبرێت بەتەواوی لەو دوو حکومەتەدا پیادە دەکران، بەڵام ئەم شێوەی دیموکراسییەتە بە نەمانی حکومەتی شار کۆتایی پێهات و نەما.

دواتر حوکمی دەرەبەگی و ستەم و دیکتاتۆرییەت لە سێبەری ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی (دوو هەزار ساڵ) ئەوڕوپای داگرت، شۆڕشی گەلانی ئەوڕوپاش توانی سەرکەوێت بەسەر دیکتاتۆریەت و دەرەبەگیدا و شیاوترین سیستەم کە دوایی لەسەری پێکهاتن گەڕانەوەبوو بۆ سیستەمی دیموکراسی، چونکە جگە لەو سیستەمە هیچ ڕێگەچارەیەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو، وەلێ دواتر بەئاشکرا دەرکەوت کە دیموکراسیەت بوو بە نێوەندێک بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان چینی سەرمایەدار و چینی هەژاردا، کە داوای ئازادی و یەکسانی دەکات، تا نووسینی ئەم چەند دێرەش حوکم و دەسەڵات لەو وڵاتە دیموکراسییانەدا لە دەستی چەند پارت و کەسایەتییەکی چینی سەرمایەداردا دەرنەچووە و دەستکەوتی گەلیش تەنها سندوقی دەنگدان و ئازادییەکی ڕەهایە کە زۆر بەسلبی شکاوەتەوە لەسەر ئاستی ئەخلاقی و ئابووری و گوزەرانیان.

دیموکراسییەت بەئاشکرا بووەتە داردەستی سەرمایەداری و سەرمایەداران و چۆن بیانەوێت ئاراستەی ڕەوتی دیموکراسی دەکەن و هەرکەسێک دەسەڵات و پارە و پارتێکی سیاسی لەپشتەوە نەبێت ئەستەمە بتوانێت بیر لە گومەزی پەرلەمان بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو شێوازێکی نامەشروع دەگیررێتە بەر و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری بە ئازاد دەزانێت چۆن کێشەکان دەوروژێنێت!!

لە هیچ وڵاتێکی دونیاشدا بە هەڵبژاردنێکی ئازادی بێگەرد، هیچ سەرۆکێک یاخود هیچ پارتێک بە زۆرینەیەکی زۆر نەی توانیوە بگاتە کورسی دەسەڵات و لەبەرامبەردا مافی کەسانێکی زۆر پێشێل دەکرێت، کە هەندێک جار ٤٥%ی دەنگدەران پێک دەهێنن، ئەگەر ئەمە حاڵی دیموکراسی بێت لەنێو جەرگەی وڵاتانی دیموکراسیدا؛ ئەوا لە وڵاتانی ئێمەدا لەو یارییە زیاتر نییە، کە کاتی خۆی "چەرچل" گوتی: (میسرییەکانی پێوە بخافڵێنن)!!

لەبەر ئەوە نابێت چاوەڕێی شتی زۆر گەورە لەم سیستەمە بکرێت، لە کاتێکدا کە لەناو ئێمەدا نامۆیە و لە ئاستی فیکری و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی سیاسەتمەدارانەوە زۆر دوورە، ئەوڕوپای دیموکراسیش قوربانی و تێکۆشان و ماندووبوونی زۆری چەشت تا کۆمەڵگەی دەرەبەگی گۆڕی بە دیموکراسی.

دیموکراسی تەنها کراسێک نییە بتوانیت لەبەری بکەیت و بەس، بەڵکو ڕۆشنبیری و مومارەسە و پەیوەستبوونە بە بنەماکانیەوە، لە کاتێکدا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ماندووبوون و هەوڵدان و تێکۆشانێکی زۆری دەوێت و ئێمەش لەبەر ئەوەی وەکو ئەوڕوپای کۆن ساڵانێک لەژێر ستەمی دیکتاتۆریدا ژیاوین، وەکو نقومبوویەکی نێو دەریا دەست بۆ پووش و پەڵاشیش دەبەین!

دیموکراسی سیستەمێکە بەرهەمی فیکری مرۆڤە و پەیوەستە بە بەرژەوەندی و ئارەزووی مرۆڤەکانەوە، بۆیە بەردەوام قابیلی گۆڕان و دەستکاری و زۆر جاریش دەست تێوەردانە، ئەو هەموو ماندووبوون و سەرفکردنی پارە و پوول و سەروەت و سامانەی کە بۆ یاریی دیموکراسی سەرف دەکرێن؛ دەتوانرێت لە پڕۆژەی زۆر سوودمەندتردا بەکار بهێنرێت، مرۆڤەکانیش پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە بۆچی چارەنووس و گوزەران و ئایندەیان پەیوەست بێت بە هەڵبڕین و دابەزینی چەند دەستێک لە سیستەمێکدا

کە هەوا و ئارەزووی مرۆڤەکان حوکمی تێدا دەکات و جیاوازی نییە لەنێوان پەرلەمانتارێکی زانا و نەزان یان مرۆڤدۆست و دیکتاتۆردا، کە ئەمەش جۆرێکە لە کۆیلایەتی، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا.

کەواتە با هەموو هێلکەکان نەخەینە سەبەتەی دیموکراسییەوە و بە پڕوپاگەندە و قسەی گەرم باوەڕ نەکەین و بە هەموو ئاوازێک نەکەینە شایی!!

عادل موحەممەد شێخانی | گۆڤاری بڕیار، ژمارە ١٤، تەمووزی ٢٠٠٩

